١٣٤

# دنیای منداڵان

www.kurdistanukurd.com
ناوەندی منداڵپارێزیی رۆژهەڵاتی کوردستان دەری دەکا
گەلاوێژی ١٣٩٢ ئاگۆستی ٢٠١٣




دنیای منداڵان
گۆڤارێکی مانگانەی منداڵانە، ناوەندی منداڵپارێزیی
ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەری دەکا
سەرنووسەر: شیلان قوربانی فەر
دەستەی نووسەران: کاوە ئاهەنگەری، هانا وریا، نێعمەت مەلا
دیزاینەر: مینا سوڵتانزادە
پەیوەندی:
www.facebook.com/nawendy.mndal.paryzy.kurdistan
mndalanikurd@yahoo.com
www.Kurdistanukurd.com
وێنەی سەربەرگ: ڕۆنیا حوسێنی

# پەلەپەل بۆ چوونە قوتابخانە



گوێم لە دەنگەدەنگیانە:
نیان: لەگەڵ باوکم چوومە بازاڕو جانتایەکی پەمەییم کڕی، لەگەڵ جووتێک کەوشی سپی، ئەوەندە جوانە....
نیگا: دەی نیشانم دە بزانم وایە؟
نیان: پێتی پیشان دەدەم، ئەدی نەتگوت تۆ چیت کڕیوە؟
نیگا: ئەمنیش لەگەڵ دایکم چوومو جلوبەرگو کەوشو جانتام کڕیوە....

مانگی خەرمانان مانگی خۆ ئامادە کردن بۆ قوتابخانەیە. بۆ ساڵێکی نوێی خوێندن، بەڵام ئەو منداڵانەی یەکەم ساڵی خوێندنیانە پەلەپەلی زیاتریانە. حەجمینیان نیە، هەر لە سەرەتای مانگەوە دایکو باوکیان هەڵدەپێچن بۆ کڕینی شتومەکی قوتابخانە.

پیشانی هاوڕێکانیانی دەدەنو ڕۆژو شەو دەبژێرن کە کەی قوتابخانەکان دەکرێنەوە.

ڕوو دەکەمە نیان و دەڵێم بۆ ئەوەندە بەپەلەی قوتابخانە بکرێتەوە، خۆ هێشتا زۆری ماوە؟

نیان دەڵێ پێم خۆشە زوو بکرێتەوە، پێم خۆشە هاوڕێی نوێی دیکەم هەبێ، پێم خۆشە فێری نووسینو خوێندنەوە بم.

نیگا هەڵ دەداتێ پێم خۆشە بزانم مامۆستاکانمان کێن، پێم خۆشە زوو کتێبەکانم وەربگرمو بەرگیان تێ گرم.

لێیان دەگەڕێم کایەی خۆیان بکەنو قسەو باسی چوونە قوتابخانەیان درێژە پێ بدەن، بەڵام ئەوان منیان بردۆتەوە یەکەم ڕۆژی چوونم بۆ قوتابخانە. غەڵبەغەڵبی منداڵان، گەڵای زەردی وەریوی دارەکانی حەوشەو؛ بۆنی کەوشو جلوبەرگی نوێو فیکەی بەڕیوەبەری قوتابخانە بۆ کۆکردنەوەی منداڵانو ڕیزکردنیان....

بیرەوەرییەکانی قوتابخانە تەواو نابن، خۆش یان ناخۆش، بەڵام بیرەوەریی یەکەم ڕۆژی چوونە قوتابخانە لە بیر کەس ناچێتەوە...




فەلەکەدین کاکەیی سیاسەتمەدارو نووسەری ناوداری گەلەکەمان ساڵی ١٣٢٢ لە شاری کەرکوک لە دایک بووە. قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی بە سەرکەوتوویی بڕیوە، لە هەرەتی لاوەتی‌دا دەستی کردوە بە کاری نووسینو وەرگێران.

ساڵی ١٩٥٦ چالاکی سیاسی خۆی دەست پێ‌کردوە و لە هەمان کاتیشدا کاری نووسینو وەرگێرانی بۆ چەندین رۆژنامەی کوردی‌و عەرەبی درێژە داوە.

فەلەکەدین کاکەیی یەکەم کتێبی خۆی کە رۆمانێک بووە بە ناوی «بیتاقەی یانسیب»، ساڵی ١٩٦٧ لە بەغدا چاپو بڵاوکردۆتەوە.

فەلەکەدین لە زۆربەی رۆژنامە کوردی و عەرەبیەکان کاری کردوەو ساڵی ١٩٧٤ بۆتە سەرنووسەر و بەڕێوەبەری ئیزگەی دەنگی کوردستان، ساڵی ١٩٨٠ تا ساڵی ١٩٩١ سەرنووسەری رۆژنامەی خەبات بووە، ساڵی ١٩٧٩ بۆتە ئەندامی دەفەری سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان،

لە ساڵی ١٩٩٢ دوای ئازادبوونی هەرێمی کوردستان چەندین پۆستی حکومەتی وەک ئەندام پارلمانو هەروەها دوو دەورە وەزیری حکومەتی کوردستان بووە.

فەلەکەدین کاکەیی لە ماوەی تەمەنی خۆی‌دا بەردەوام کاری نووسین و وەرگێرانی کردوەو چەندین کتێبی لەسەر مێژووو زمانی کوردی و عەرەبی نووسیوەو ئێستاش چەندین کتێبی بە کوردی و عەرەبی ئامادی چاپو بڵاوکردنەوەیە.

فەلەکەدین کاکەیی ٩ی گەلاێژی ئەوساڵ لەتەمەنی ٧٠ ساڵی بە هۆی نەخۆشی لە شاری هەولێر کۆچی دوایی کرد.

ئامادەکردنی: شیلان قوربانی‌فەر

# مامە پیرەو ناشتنی نەمام

لەبەرەبەیانی رۆژێکی بەهاری دا پیرە پیاوێکی پشت کورٍ نەمامی دار میوەیەکی دەناشت. ئەو بەشێنەیی خەریکی کارەکەی بوو.

لاوێک بە تەنیشتیدا تێپەرٍی. لاوەکە ئەم کارەی پیرە پیاوەکەی زۆر پێ سەیر بوو. پێی گوت: مامەگیان! ئەتۆ پیری و تەمەنت زۆر لە سەریە. زمانم لاڵ، بەلاّم هاکا هەر لەو رۆژانەدا مردی. ئەو نەمامەی ئەتۆ دەینێژی خۆ تا ١٠ ساڵی دیکەش بەرناگرێ. ئەتۆ لەخۆرٍا خۆت ماندوو دەکەی.

پیرە پیاو تاوێک وچانی دا و ئارەقی نێوچاوانی سرٍی و گوتی: رۆڵەگیان! خەڵکانی دیکە ناشتیان و ئێمە خواردمانو لە بەری حەساینەوە. ئێمەش دەینێژین تا خەڵکانی دیکە لێی بیخۆنو لەبەری بحەسێنەوە...

فولکلۆر

نووسینەوەی باران ب



# وەڵام بۆ پرسیارە سەیروسەمەرەکانی منداڵان

منداڵان لە تەنیا شتێک کە ماندوو نابن، پرسیار کردنە. منداڵان هەموو ئەو شتانەی دەیانبینن‌و بیری لێ دەکەنەوە، بۆیان پرسیارەو، هەر کاتێ بۆ خۆیان وەڵامی ئەو پرسیارانەیان نەزانی، ڕوو دەکەنە گەورەکان. بێ خەبەر لەوەی جاری وایە هەر ئەو پرسیارانە گەورەکانیش گێژ دەکەن‌و بۆ وەڵامدانەوە دادەمێنن. بە تایبەت ئەگەر پرسیارەکان زانستی بن.

هەر ئەو دایکوباوکەی هەموو کاتێ بە ئاواتی ئەوە بوون منداڵەکەیان





بلیمەتێکی لێ دەربچێ، ئێستا لە وەڵامدانەوە بە پرسیارەکانی ئەو دۆشداماون. بەڵام خۆتان شلوێ مەکەن، ئەوە کێشەی زۆر لە دایکان و باوکانە. ئێمە لێرە هەندێ لەو پرسیارانە وەڵام دەدەینەوە کە زۆربەی منداڵان دەیانپرسنو بۆیان گرینگن:

**بۆ دایناسۆڕەکان نەماون؟**

بە منداڵەکەیان بڵێن ٦٥ میلیۆن ساڵ لەوە پێش ئەستێرە بەردێک وە زەوی کەوتو دوای ئەو پێکدادانە هەموو شتێکی زەوی گۆڕا. دایناسۆڕەکان کە نەیاندەتوانی لەگەڵ ئەو ئاڵوگۆڕانە بسازێنو ژیانی خۆیانی لەگەڵ ڕێک بخەن، بەرە بەرە مردنو ئەو ئاژەڵو گیانلەبەرانە جێی ئەوانیان گرتەوە کە کەیفیان بەو ئاڵوگۆڕانە دەهاتو لەگەڵیان دەسازان.

ئەوەی کە ئێوە دەبێ بیزانن ئەوەیە کە دایناسۆڕەکان دەتوانن منداڵان لەگەڵ زۆر چەمکو دەستەواژەی زانستی بەرەوڕوو بکەنەوە. ئێوەش لەو دەرفەتە کەڵک وەربگرنو لەو بارەوە لەگەڵیان بدوێن.

ئامادەکردنو وەرگێڕان: دایکی نیان

## منداڵینە یارمەتیی هاورێکەتان بدەن با زوو بگاتە قوتابخانە



# قسەکانی سوورەگوولێك

تۆوە گوڵێکی وردیلانەو ژیکەلە، خرپن و جوان بووم. منداڵێکی قسە خۆشی زیرەک هەموو بەیانی و ئێواران دەهاتە لام و ئاوی دەدامو قسەی خۆشی بۆ دەکردم.

وردە وردە سەرم لە خاک هێنا دەرێ، لیباسێکی جوانی سەوزم لەبەر کردو ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ باڵام دەکرد.

هەر دەهات و تەمەنم زیاتر دەبوو، جار جار، لە گۆشەیەکی کراسەکەمڕا دەستەکانم ڕادەکێشاو و خونچەم دەر دەکرد. جار جارەش خونچەکان بەرەو ڕووی ئاسمان دەکرانەوە و گەش دەبوون و بۆ ئەوەی بۆن خۆش بن، عەترێکی خۆشم لێ دەدان.

منداڵە قسە خۆشەکە بۆنی دەکردو قسەی لەگەڵ دەکردمو بزەی دەکەوتە سەر لێو. ئەو ئاگای لێم دەبوو، نەی دەهیشت زبڵو شتی پیسی دیکە لە دەورووبەری من کۆوەبن.

بەرە بەرە پیر بوومو لیباسی بەرم هەڵوەری. فرمیسک لە چاوەکانم هاتنە خوارێ، فرمێسکەکانم بوونە تۆوی وردیلانەو ژیکەلانە، خرپن و جوان. ئیستا هەموویان گەورە بوون.

کاتێک منداڵە قسە خۆشەکە دەهاتە لام و قسەی بۆ دەکردم، منیش دڵخۆش دەبوومو بە قسەکانی باڵام دەکرد، ئاخر ئێمەی گوڵ بە قسەی خۆشی منداڵەکانو پارێزگاریی ئەوان لە ئێمە، هەمیشە دڵخۆشین. ئێمەش خۆشمان دەوێن و گوڵی سووری جوانیان پێ دەدەینو باخچەکەیان دەڕازێنینەوە.

هاوڕێکانی ئەو منداڵەش دەهاتنە لامانو چاویان لێ دەکردینو ماچیان دەکردین، بەڵام قەت نەبوو کە گوڵێک یان گەڵایەکمان لێ بکەنەوە، ئاخر ئێمە هەر کاتێک گەڵایەک یان پەڕەیەک لە گوڵەکەمان لێ بکرێتەوە بە تێکڕا بۆی دەگرینو



گەڵاو گوڵمان هەڵدەوەرن.
ئێستا چەندین نەوەم هەیەو منداڵە قسەخۆشەکەش گەورە بووەو ئاگای لێمە. ئەگەر ئاگا لێ نەبوونی ئەو منداڵە نەبوایە، ئەمن قەت ئاوا گەورە نەدەبووم و نەم دەتوانی نەوەکانی خۆم ببینم کە گوڵی سووری بۆن خۆش و ژیکەڵانەیان دەرکردوە و بۆخۆیان بوونەتە باخچەیەکی جوان.
بۆیە دەمەوێ بە هەموو منداڵەکان بڵێم کە ئاگاتان لە ئێمەی گوڵ بیءو قەت مەهێڵن توونی بینو هەمیشە دەورو بەرمان خاوێن کەنەوە، تاکوو ئێمەش گوڵی جوانتان بدەینێو باخچەکەتان برازێنینەوە.
قسەی خۆشمان لەگەڵ بکەن و بۆنمان کەن، بەڵام قەت گوڵەکانمان لێ مەکەنەوەو مەمانژاکێنن.

نێعمەت مەلا

# فێرگەی زمانی ئینگلیزی

کاوە ئاهەنگەری






# سروودی «هیوای دێموکرات» کۆرسی منداڵپارێزیی ڕۆژهەڵاتی





دنیای منداڵان
ژمارە ١٣٤- ئاگۆستی ٢٠١٣

# گرووپی هەڵپەڕکێی باران






# بێچووە فیلەکان



دوێنێ شەوێ لە خەونم دا لە دارستانێکی سەرسەوزو جوان بووم. لە نێو دارستانەکە پیاسەم دەکردو هەروا کە دەڕۆیشتم چاوم بە دوو بێچووە فیل کەوت کە لەگەڵ یەکتر شەڕیان دەکردو لە سەرو گوێلاکی یەکتریان دەدا.

ئەمن چەندی هاوارم دەکردو بانگم دەکردن گوێیان نەدەدامێ، منیش بۆ ئەوەی لێکیان کەمەوە ئەو فلووتەی بابم بۆی کڕیبووم لە گیرفانم هێنایە دەرێو دەستم کرد بە فلووتلێدان، ئەوانیش وازیان لە شەڕ کردن هێنا.

من لە شەڕکردنی ئەوان توورەبووم، بەڵام ئەوان بە من پێدەکەنین.

منیش دواجار بە دیتنی کەیف خۆشیی ئەوان خۆشحاڵ بوومو دەستم کردەوە بە فلوت لێدان. ئەمن ئاهەنگی خۆشم بۆ لێدەدانو بێچووە فیلەکانیش قورتمەکانیان ڕادەوەشاندو بە دەوری خۆیان دا دەسووڕانەوەو کەوتبوونە سەما.

و: پەیام

## چەند زانیارییەکی سەرنجڕاکێش:



پەپوولە بە لاقەکانی تام لە شت دەکا.



زمان، خێراترین ماسوولکەی لەشی مرۆڤە



درێژایی هەر مرۆڤێک ٨ بستی خۆیەتی

قووڵترین گۆلی دنیا ناوی «بایکاڵ» ە لە رووسیە کە ١٩٤٠میتر قووڵە.



# چەند قسەیەک لەگەڵ منداڵێکی بەهرەمەند



**دەتوانم ناوت بزانمو دەکرێ کەمێک خۆت بناسێنی؟**

من ناوم « تیام» ەو شۆرەتەم « نەقدی»یە. مانگی خەزەڵوەر دەبم بە دە ساڵ. دایکم ناوی شیرینەو خوشکێکم هەیە ناوی» رۆشنام››ە. رۆشنام هەشت ساڵەو هەردووکمان ئەندامی وەرزشی ئارۆباتیک ژیمناستیکین.

**لە کەیەوە دەستت کردوە بە وەرزشی ژیمناستیکو چۆن بوو ئەو وەرزشەت هەڵبژارد؟**

ئەمن دوساڵ دەبێ کە بە شێوەی حیرفەیی خەریکی ئەم وەرزشەم. من لە منداڵییەوە تووشی کەمێک کەمتوانایی مێشک بووم، دایکم زۆری هەوڵدا کە بتوانم بەسەر ئەم کەموکۆڕییەدا زاڵ بم. وەکوو

چارەسەر دوکتورەکان پێیان وابوو کە دەبێ دەرمان بخۆم بەڵام دایکم نەیهێشتو دەیگوت کە پێویست بە دەرمان ناکا و لە ڕێگای تەمرین، کلاسی هاندەرو وەرزشەوە چارەی دەکەین. هەر بۆیە دایکم وەرزشی ژیمناستیکی بۆ هەڵبژاردم و ئەو وەرزشە زۆری یارمەتی داوم بۆ قەرەبوو کردنەوەی کەمتواناییەکانی مێشکم.

**ئەوساڵ چ پلەیەکت بە دەست هێنا؟**

دوای دوو ساڵ کاری بەردەوام لە ئاستی منداڵاندا ئەو ساڵ بووم بە یەکەمی ئامریکا.

**بیجگەلە ژیمناستیک چی دەکەی؟ ئایا دەرس دەخوێنی؟**

• ئەمن کلاسی چواری سەرەتایی دەخوێنم، دیارە من بە هۆی کەمتوانایی مێشکمەوە تەنیا بە یەک زمان قسە دەکەم، بەڵام زۆرم پێخۆشە کە بە زمانەکانی دیکەش بتوانم قسە بکەم. حەوتووانە نۆ تا دوازدە کاتژمێر تەمرینی ژیمناستیک دەکەمو هۆگرییەکی زۆرم بە گیتار هەیەو دایکیشم زۆرم یارمەتی دەدا لەم پێوەندییەدا.

**دەکرێ کەمێک زیاتر باسی خۆت و ژیانت بۆ منداڵانی کوردستان بکەی؟**

• ڕاستییەکەی ئەمن دەرسی بیرکاریم باش نیە، بۆیە دایکم زۆرم یارمەتی دەدا، زۆرم هۆگری بە قارەمانەکانی جیهان هەیە و، هەر بۆیەش وێنەکانیان کۆدەمەوە، بە تایبەتی هۆگریم بە «سپایدەرمەن» هەیە. حەزم





لە وێنەگرییە، بۆیە زۆر جار بە کامێراکەی دایکم وێنە دەگرم. پێمخۆشە ببمە قارەمان و خەڵک بێن ئیمزام لێوەرگرن. دایکم بۆ من هەموو شتێکەو زۆرم پێخۆشە دایکم خۆشحال بکەم.

سپاس تیام گیام و هیوای سەرکەوتنی هەرچی زیاترت بۆ بە ئاوات دەخوازم.

تیام: سپاس بۆ ئێوەش و سڵاوی منداڵانی کوردستان دەگەیەنم!

**دیمانە کاوە ئاهەنگەری**

له‌ رێگه‌ی خاڵه‌كان به‌ یه‌كتری وێنه‌كه‌ بكێشنه‌وه‌و دوایه‌ ره‌نگی بكه‌ن



# گوتێنبێرگ داهێنەری دەزگای چاپی کتێب





ساڵی ١٣٤٥ی زایینی گوتێنبێرگی ئاڵمانی بە هێندێک کەرەسەی وەک کاغەز، جەوهەری رۆنیو پریس دەزگای چاپی کتێبو ڕۆژنامەی داهێنا.

گوتێنبێرگ چەند ساڵ بوو کە بیری لەوە دەکردەوە. ئەو بۆ یەکەم جار لە جیهاندا پیتەکانی لە لەت لەتی ئاسنەواڵە دروست کردو بۆ دروستکردنی وشە ئەو پیتانەی لێک نزیک دەکردەوەو جەوهەری لەسەر ڕۆ دەکردنو پاشان کاغەزی لەسەر دادەناو بە توندی فشاری دەدا تاکوو لەسەر کاغەزەکە چاپ بن.

گوتێنبێرگ ڕۆژانە بەو شێوەیە ٣٠٠ تا ٥٠٠ وشەی چاپ دەکردو یەکەمین کتێب کە بەو شێوەیە چاپ بوو، کتێبی پیرۆز بوو کە ٤٢ دێڕ بوو.

ئەو کتێبانەی لەو سەردەمە داو بەو شێوەیە چاپ دەبوون، پێیان دەگوتن ئینکونابولا.

ئا: مینا

# مێژووی دروست بوونی ساردکەرەوە ( یەخچاڵ)



بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٨٣٤ی زایینی ئەو کەرەسەیە لەلایەن «ژاکوب پراکنیز» ەوە دروست کرا. دوا بەدوای ئەوە دروستکردنی یەخچاڵ بەردەوام پێشکەوتنی زیاتری بە خۆیەوە بینیوە تا ئەوەی کە بۆ یەکەم جار ساردکەرەوەی بەرقی لە ساڵی ١٨٦٩ی زایینی لەلایەن «دیوو»ی ئەمریکایی هاتە نێو بازاڕەکانەوەو تا ئێستاش هەر رۆژەو جۆری نوێی لێ دروست دەکرێ.

# کۆمەڵێک زانیاری لەسەر لەشی مرۆڤ

- ئەو وزەیەی کە مێشک بەکاری دەهێنێ، توانای داگیرسانی گڵۆپێکی ٢٥ واتی هەیە.
- لووتی مرۆڤ توانای جیاکردنەوەی ٥٠٠٠٠ هەزار جۆر بۆنی هەیە.
- بچوکترین ئێسک لە لەشدا ئێسکی (ئاوزەنگی)یە کە دەکەوێتە گوێی نێوەڕاستەوەو نزیکەی ٢١٨ میلیمیترە.
- هەر وەکوو سەری پەنجەکان، زمانی هیچ مرۆڤێکیش وەک مرۆڤێکیدی ناچێ.



ئامادەکردنی: هەتاو ناسری





**منداڵینە ئەو لە نێوان ئەو دوو وێنەیەدا ١٠ جیاوازی هەیە، بیاندۆزنەوە**






دنیای منداڵان
Child's World
دانیال مورتەزازادە